cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ˙ Æ˝ ” 2





# باكامبۆ

## مێژوو لەگەڵ ڤیاریال تۆمار دەكات

هێرشبەری كۆنگۆلی سیدریک باكامبۆ، چووە ناو مێژوویی یانەی ئیسپانی ڤیاریال، دوای ئەوەی بووە گەورەترین گۆڵكار لەم كاتەی وەرزەدا بەدرێژایی مێژوویی ئەو یانەیە، كە خاوەنی 14گۆڵە تاكو ئێستا 9لەلالیگاو 3لەخولی یۆرۆ لیگ و 2لەجامی شای ئیسپانیا. باكامبۆی لەدایكبووی فەرەنسا كە پێشتر لەریزی لاوانی فەرەنسا یاریكردووە، بەڵام پاشان بڕیاریدا بچێتەوە هەڵبژاردەی كۆنگۆی دیموكراتی، توانی پێش لۆسیانۆ ڤیتۆی ئەرژەنتینی بكەوێتەوە كە لەوەرزی 2014لەم كاتەدا 13گۆڵی تۆماركردبوو، بەمەش توانی پارێزگاری لەو ژمارەیە بكات وەكو باشترین هێرشبەر لەتیپی ژێرئاوییە زەردەكان بەر لەجەژنەكانی لەدایكبوون. بەمشێوەیە باكمبۆی تەمەن 26ساڵ كە لەساڵی 2015ەوە لەڤیاریال یاری دەكات، لەسەر هێڵێكی جێگیر دەڕوات خەریكە دەبێتە باشترین گۆڵكاری ڤیاریال لەیەک وەرز، كە ژمارەی ڤیتۆیە لەوەرزی 2010-2011بە تۆماركردنی 32گۆڵ لەسەر ئاستی هەموو پاڵەوانێتییەكان. پاشان نیلماری بەرازیلی و نیهاد قەهوەچی توركی لەدوای باكامبۆ و ڤیتۆ دێن لەژمارەی گۆڵەكانی ئەم كاتەی وەرز بە 11گۆڵ.

# ئۆبامیانگ

## لە دۆرتمۆند تووڕەیە

ڕۆژنامەكانی ئەڵمانیا كە لە سێ شەممەی ڕابردوو بڵاوكرایەوە ئاماژە بەوە دەكەن كە پییێر ئۆبامیانگ داوای جێهێشتنی یانەی بۆرۆسیا دۆرتمۆند دەكات لەگواستنەوەكانی زستانەی داهاتوو، كە بڕیارە لەشوباتی 2018دەست پێ بكات. ڕۆژنامەی بێڵدی ئەڵمانی بڵاویكردەوە كە دۆرتمۆند دەیەوێت ڕێگری لەڕۆیشتنی ئۆبامیانگ بكات، لەگەڵ ئەوەی ئەستێرەی گابۆنی ئێستا لەژووری جل گۆڕیندا بەتەنیا دەمێنێتەوە. ڕۆژنامەكە ئاماژەی بەوەكرد كە یاریزانانی بەهۆی ئەم هەڵس و كەوتەی ئۆبامیانگ نیگەران بوونە، كە بەكارەساتێكی گەورە دادەنرێت لەسەر ئاستی ئەنجامەكان، سەرچاوە نزیكەكانی ئۆبامیانگ دووپاتیانكردەوە كە ئۆبامیانگ لەگەڵ دۆرتمۆند كۆتایی هاتووە، ئامادەیە ئێستا لەگواستنەوەكانی زستانەدا ریزی یانەكەی جێبهێڵێت. چەندین یانە لەهەوڵی گواستنەوەی پییێر ئۆبامیانگ دان لەنێوانیاندا چێلسی و ئیڤرتۆن و لیڤەرپوول، كە یانەی دۆرتمۆند داوای 50ملیۆن یۆرۆ دەكات بۆ دەستبەرداربوونی.



# خشتەی یارییەكانی خولی نایابی لاوانی كوردستان

یارییەكانی گرووپی یەكەم ـ گەڕی یەكەم ـ هەینی 2017/12/8

یاری: برایەتی *دهۆک
یاریگە: فرەنسۆ هەریری 2
كات: 2:30

یاری: پێشمەرگەی هەولێر *هەولێر
یاریگە: پێشمەرگەی هەولێر/ هەولێر
كات: 2:30

یاری: زاخۆ *گارە
یاریگە: زاخۆ
كات: 2:30

یاری: زێرەڤانی *هەندرێن
یاریگە: زێرەڤانی
كات: 2:30

یارییەكانی گرووپی دووەم ـ گەڕی یەكەم ـ هەینی 2017/12/8

یاری: خانەقین *شێروانە
یاریگە: خانەقین
كات: 2:30

یاری: پێشمەرگەی سلێمانی *هەڵەبجەی شەهید
یاریگە: پێشمەرگەی سلێمانی
كات: 2:30




# شوێنی دابەشكردنی خەڵاتی تۆپی زێڕین كە ئەمشەو براوەی ئاشكرا دەكرێت دیاریكرا

گۆڤاری (فرانس فوتبۆڵ)ی فەرەنسی كە بەرپرسە لە پێدانی خەڵاتی تۆپی زێڕین، كە دەدرێتە باشترین یاریزانی ساڵی ڕابردوو، شوێنی پێدانی خەڵاتەكەی ئاشكرا كرد، كە لەبەردەم تاوەری ئێڤل لەپایتەختی فەرەنسا پاریس دەبێت. كەئاهەنگی ئەم خەڵاتە ئەمشەو براوەكەی ئاشكرا دەكرێت كە خەڵاتی ژمارە 62لەمێژوو. نزیكترن پاڵێوراو بۆ بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتە ڕۆناڵدۆی پورتوگالییە لەریال مەدرید كە نازناوی پێنجەمیەتی، بەدەستهێنانی ئەم نازناوە لەلایەن ڕۆناڵدۆ لەسەر حیسابی ململانێ بەهێزەكەیەتی لەگەڵ مێسی كە پێشتر پێنج جار ئەم نازناوەی بەدەستهێناوە. ڕۆناڵدۆ دوای ئەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان لەلایەن (فیفا) پێدرا، بۆتە دیارترین پاڵێوراوی خەڵاتی تۆپی زێڕین.

